ژوری توێژینەوەی

سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان

# دیپلۆماسی پێشمەرگە

د. سەردار عەزیز



ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان

Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010

Email: research.gorran@gmail.com

نیسانی ٢٠١٩

# دیپلۆماسی پێشمەرگە

## د. سەردار عەزیز

ژوری توێژینەوەی سیاسی – بزوتنەوەی گۆڕان
Tel: 00964(0)7725047120 & 00964(0)7481505010
Email: research.gorran@gmail.com

نیسانی ٢٠١٩

ناوەڕۆک

دیپلۆماسی پێشمەرگە ........ ٢
سەرەتا ........ ٢
ئاستی جیهانی ........ ٢
لە ئاستی ئیقلیمیدا ........ ٦
وڵاتانی ناوچەکە لە ناوەوە ........ ٧
دەرئەنجام ........ ٧
پرسی پارتنەر لەگەڵ هێزە لۆکاڵیەکاندا ........ ٩
٣٥ خاڵەکە ........ ١٣
ئالنگارییەکانی کورد ........ ١٣
بۆچی ئەم کارەی هاوپەیمانان گرنگە؟ ........ ١٤
چەند خراپ تێگەیشتنێک ........ ١٥
چەند وشەیەک دەربارەی میتۆد ........ ١٦
چی بکەین ........ ١٧
سەرچاوەکان ........ ١٨

## دیپلۆماسی پێشمەرگە

بۆچی ئێستا ساتەوەختێکی تایبەتە لە مێژوی جیهان و ناوچەکەدا، بۆ دروستکردنی پەیوەندی و بوون بە (پارتنەر) شەریکی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە ڕێگای پێشمەرگەوە؟ ئەم نوسینە ئاماجی ئەوەیە کە وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە.

## سەرەتا

دەبێت بپرسین ئایا ئیستا ساتەوەختێکی تایبەتە؟ چۆن؟ بۆچی؟ وەڵامی ئەم پرسیارە بە گشتی دوو ئاستی هەیە، ئاستی یەکەم ئاستی جیهانیە، ئاستی دووەم، ئاستی هەرێمی یان ئیقلیمییە. سەرەتا بە کورتی باسی ئاستی جیهانی دەکەین، پاشان دێینە سەر باسکردن لە ئاستی ئیقلیمی.

## ئاستی جیهانی

دونیا لە هەموو ئاستێکدا لە دۆخێکی تایبەتدا دەژی کە دەتوانین بەوە وەسفی بکەین، کە دۆخی گواستنەوەیە لە قۆناغێک بۆ قۆناغێکی تر. ئەم دۆخە کاریگەری لە سەرتاپای گۆی زەوی هەیە، بەڵام بە شێوازی جیاواز. ئەم قۆناغە دەتوانین بەمجۆرە کورت بکەینەوە. پاش کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، ئەمریکا و وڵاتانی ناتۆ خۆیان وەها بینی کە سەرکەوتوو بوون لە ململانێیان لە گەڵ بلۆکی ڕۆژهەڵاتدا و سەرکەوتن بە سەر کۆمۆنیزمدا. ڕەنگە جاڕدانی فرانسیس فۆکۆیاما [١] بۆ کۆتایی مێژوو یەکێک بێت لە هەرە دیاریترین دەرکەوتەکانی ئەم سەرکەوتنە لەلایەن ئەمریکاو وڵاتانی ناتۆوە.

بەڵام ئەم خۆ بە سەرکەوتوو زانینە بەئاسانی لە لایەن وڵاتانی بەرەی ڕۆژهەڵاتەوە قبوڵ نەکرا، بە تایبەت ڕوسیا، بۆیە هەندێک ئەم خۆ بە سەرکەوتوو لە قەڵەمدانەی ڕۆژئاوا بە بنەمای پەرچەکرداری روسیا دادەنێن، کە پۆتین دەسەڵاتی لە سەر بونیاد دەنێت.

ئەم پەرچەکردارە لە چەندین ئاستدا روویدا، لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا، بە ریگری و نادیاری ناتۆ بۆ کشان بەرەو سنوری روسیا، بە چالاکبونی روسیا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بە

[1] . Fukuyama, Francis (1989) The End of History?, The National Interest, No. 16 (Summer 1989).

تایبەتی سوریا، هەروەها نەیارێتی لە ئاستی سایبەر سیکیوریتیدا. بەڵام لە لەلایەکی ترەوە، هەوڵدانی روسیا بۆ نزیکبونەوە لە چین وەک ئەلکسەندەر لوکین[٢] باسی دەکات.

بەڵام دەرکەوتەنی جیۆپۆلتیکی گەورەی پاش کۆتایی جەنگی سارد، بەهێزبوونی چینە وەک هێزێکی جیهانی. چین چیدی وڵاتێکی زۆر، هەژاری داخراو نیە. بەڵکو لە ئاستی ئابوریدا بە تایبەتی ململانێی ئەمریکا دەکات، وەک وڵاتی هەرە بەهێزی دونیا. ئەم هەڵکشانەی چین جێگەی بایەخی ئەمریکایە. ئەمریکاییەکان بە گشتی چەند دیدێکیان هەیە لەم ڕووەوە:

**یەکەم**، چین گەر بەم شێوەیە بەردەوام بێت ئەوا لە ئەنجامدا رووبەڕوی ئەمریکا دەبێتەوە، جۆن مێرشمایەر[٣] دیاریترین کەسی هەڵگری ئەم تێزەیە.

**دووەم**، چین نابێتە نەیاری ئەمریکا و دەبێتە بەشێک لە ڕێکخراوە جیهانیەکان و دژایەتی سیستەمی جیهانی، بە تایبەتی لیبرالیزم ناکات. چونکە بەهۆیەوە گەشەی کردوە و بە لاوازبونی لاواز دەبێت. ئەمریکا دەتوانێت رێگە لە بە هەژمون بوونی دەسەڵاتی چین بگرێت لە دەوروبەری خۆیدا. دیارترین هەڵگرانی ئەم دیدە جۆن ئیکیبەرییە٤.

**سێیەم**، ئەگەری هەیە چین و ئەمریکا وەک دوو هێزی جیهانی روبەڕوی یەکتر ببنەوە، چونکە کاتێک هێزێک باڵادەستەو هێزێکی تر هەڵدەکشێت ئەوا بە هۆکاری ئاسایش و خراپ لە یەکگەیشتن و بە ئامانجی ڕێگریکردن لە دروستکردنی مەترسی ئەم دوو هێزە بەرەو ڕوبەڕوبونەوە دەچن، وەک چۆن لە سەردەمی شەڕی بیلۆپۆنێزی یۆنانیدا ڕویداو بیرمەندی یۆنانی ثیوسەداید لە کتێبی شەڕی بیلۆپۆنێزیدا بۆمان دەگێڕێتەوە. بەڵام ئەم تەڵەی ثیوسەدایدە دەتوانرێت ڕێگری لێبکرێت وەک بیرمەندی ئەمریکی گراهام ئەلیسن باسی دەکات٥.

دیارە ئەم دیدانە هەموو بەشێک لە ڕاستیان تیادایەو گرنگە بە هەند وەربگیرێن، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا ڕوودەدات پەیوەست بە پرسکەی ئێمەوە، ئەمەیە:

---

2 . Lukin, Alexander (2018) China and Russia: The New Rapprochement, Polity: Cambridge.
3 . Mearsheimer, John J (2006) China's Unpeaceful Rise, Current History; April.
4 . Ikenberry, John (2008) The Rise of China and the Future of the West:Can the Liberal System Survive?, Foreign Affairs, Jan/Feb.
5 . Allison, Graham (2017) Destined for War : can America and China escape Thucydides's Trap?, Houghton Mifflin Harcourt

ئەمریکا چیدی وەک ساڵانی سەرەتای پاش جەنگی سارد، تاکە زلهێزی جیهان نیە، هەرچەندە هێشتا هیچ هێزێک دروست نەبوە کە بیەوێت نەیارێتی بکات، بە شێوازێکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەمریکا لە هەوڵی ئەوەدایە کە چۆن ڕێگری بکات لەوەی کە پێگە و دەسەڵاتی لە ئاستی دونیادا لە دەست نەدات.

بەم پێیە ئەمریکا سەرقاڵەو ناتوانێت هەموو وزەی بۆ تەنها یەک جێگای دونیا، هەرچەندە گرنگ بێت تەرخان بکات .

بۆیە دەبینین هەتا بێت قسەو باسی زۆرتر دەکرێت دەربارەی کەمبونەوەی بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ ئەمریکا، یان گۆرانی ڕۆڵی ئەمریکا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئەمریکا لە ئاستی جیهانیدا بە ئاستێکی سنوردارتر رووبەروی روسیا دەبێتەوە. روسەکان جگە لە سوریا لە هیچ کوێی تر ڕۆڵێکی ئەوتۆیان نیەو بە هیچ شێوەیەک خوازیاری ئەوەنین کە ڕاستەوخۆ روبەروی ئەمریکا ببنەوە، بەڵام ئەجێندایان ئاشکرایە کە لەگەڵ ئەمریکادا تەبانین. ئەمڕۆ بە گشتی روسیا لە بەردەم سێ ئەگەردایە:

**یەکەم**، نزیکبونەوە لە چین و دروستکردنی هاوپەیمانیەکی تۆکمە. ئەمە وەک مەترسیەکی جیدی لە لایەن ئەمریکاوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت. لە ڕاپۆرتی ستراتیژیەتی ئاسایشی نیشتمانی[٦] ساڵی ٢٠١٧ ئەمریکا بە ئاشکرا باس لەم نزیکبونەوەو خواستی ئەمریکا دەکات بۆ ڕوبەروبونەوەی.

**دووەم**، نزیکبونەوە لە ئەوروپا، بە تایبەتی ئەڵمانیاو دروستکردنی هێزێکی جیهانی، بە تایبەت کە روسیا وزەی زۆری هەیەو ئەوروپا سەرمایەی زانستی و تەکنەلۆجی، تێکەڵکردنیان دەبێتە هۆکاری داڕشتنی بنەمایەک بۆ هاتنە ئارای زلهێزێک.

**سێیەم**، هاتنە ئارای ئۆراسیا کە ئەوروپاو روسیاو ئاسیا لە خۆی بگرێت[٧].

گۆڕانی ڕۆڵی ئەمریکا لە ڕۆژهەڵاتی ناوەراست خواستی ئەمریکا نیە بە تەنها، بەڵکو لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری هاتوەتە ئاراوە کە لە ناوچەکە و دونیادا ڕویانداوە و رودەدەن. لێرەدا بە کورتی ئاماژەیان پێدەدەین:

---

6. White House (2017) National Security Strategy of the United States, Washington, D.C., December.

7 . Maçães, Bruno (2018)The Dawn of Eurasia: On the Trail of the New World Order, Penguin.

**یەکەم،** جەنگی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣ بوو بە هۆکاری روخانی نەک تەنها ڕژێمی سەددام، بەڵکو دەوڵەتی عێراقیش. لە کاتێکدا پرۆسەی ڕوخان بۆ ئەمریکا ئاسان بوو، بەڵام پرۆسەی بونیادنان و سەقامگیرکردن بۆ ئەمریکا ئاسان نەبوە. بە زمانێکی تر ئەمریکا نەیتوانی هێزی سەربازی و ئابوری وەرگێڕێت بۆ بونیادنان و سەقامگیری.

**دووەم،** شکستی ئەمریکا، بوو بە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەوانیتر لە ناوچەکەدا لە ئاستی جیهانی و ناوچەیی. لە کاتێکدا ئەمریکا نەیتوانی ئەندازیاری ئاسایشی ناوچەکە دابرێژێتەوە، ئەوا بووبە هێزێک لە ناوچەکە، لە نێو هێزەکانی تر، گەرچی بە ئاستێکی زۆر هەرە بەهێزترین، بەڵام هێشتا بێتوانا لە سەپاندنی هەژمونیەت. ئەم دۆخە زیاتر چڕبوە لە سەردەمی ئۆبامادا کاتێک میتۆدێکی جیاوازی گرتەبەر لە مامەڵە لەگەڵ ناوچەکە، ئەویش بە مامەڵە لەگەڵ نەیاران و پشتکردن لە دۆستان، وەک لە کەیسی دانوستان لەگەڵ ئێران و پشتیوانی نەکردنی موبارەکدا بینیمان. ئەم مامەڵەیە شەپۆلێک لە ترس و نارەزایی و بێزاری لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەرهەمهێنا.

**سێیەم،** نەمانی بڕوا بە ئەمریکا وەهایکرد، هێزەکانی ناوچەکە لە هێزەکانی تر نزیک ببنەوەو هەروەها پشت بە خۆیان ببەستن. لە ئەنجامی ئەمەدا لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، وەک (وەلید حەزبون) لە زانکۆی ئەلەباما دەڵێت "لە بەهاری عەربییەوە جیۆپۆڵەتیکی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە سیستەمێکەوە کە لە دەوری ئەمریکاو دژایەتی ئەمریکا بونیادنرابوو، گۆڕا بۆ سیستەمێکی فرە جەمسەری، کە نۆرم و دەزگا و میکانیزکی هاوسەنگی تیادا نەماوە، هەتا ململانێکان و بەکارهێنانی هێز سنوردار بکات[8].

بە کورتی وەک کاران مارا[9] دەڵێت سێ هۆکار هەن کە وەها دەکەن ئەمریکا چیدی ئەو ڕۆڵە کاریگەرە نەبینێت لە ناوچەکەدا، ئەوانیش:

**یەکەم،** نەمانی جەنگی نێوان وڵاتان لە ناوچەکەدا، جێگرتنەوەی بە جەنگی ناوخۆ، کە مەترسی گەورەی لە سەر ئەمریکا نیە بە ڕاستەوخۆیی.

---

[8] . *Hazbun, Waleed (2019)* In America's Wake: Turbulence and Insecurity in the Middle East inShifting Global Politics and the Middle East. pomeps 84, https://pomeps.org/wp-content/uploads/2019/03/POMEPS_Studies_34_Web.pdf

[9] . مارا کارلین، لێدوان بۆ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگریس ئەمریکی، لە بەرواری ٦ی شوبات ٢٠١٩
https://docs.house.gov/meetings/FA/FA00/20190206/108861/HHRG-116-FA00-Wstate-KarlinM-20190206.pdf

**دووەم**، هەڵکشانی هێزەکانی تر بە تایبەت لە ئاسیاو گرنتە ئەستۆی ڕۆڵی گرنگ لە ناوچەکەدا.

**سێیەم**، فرەبوونی سەرچاوەی وزە کە لە بایەخی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی کەمکردوەتەوە بۆ ئاسایشی وزە و ئاسایشی نیشتمانی ئەمریکی.

## لە ئاستی ئیقلیمیدا

فرە جەمسەری بوون، بایەخدان بە هەڵکشانی هێزەکانی تر، لاوازبونی ئەمریکا لە ڕوی ئابوریەوە، شکستی لە جەنگدا، دژایەتی بەردەوامی جەنگ لە ناوەوە، گۆڕانی ئیدارە، فرە سەرچاوەیی بونی وزە و گۆڕانی ڕەفتاری خەڵکی لەمبارەوە، کۆمەڵە هۆکارێکن کە ئەمریکا لە ناوچەکە وەها دەبینرێت کە هەمان هێزی جاران نیە.

بە گشتی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست هیچ هێزێکی ئیقلیمی ناتوانێت هەژمونیەتی بسەپێنێت. ئەمە بۆشاییەکی دروستکردوە کە هێزە گەورەکان دەیانەوێت پڕی بکەنەوە. ئەگەر لە دوای سەردەمی ئیمپراتۆریەتەکانەوە هیچ هێزێکی ئیقلیمی نەما کە توانای ئەوەی هەبێت هەژمونیەتی بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بسەپێنێت، ئەوا ئەمڕۆ وەها دەردەکەوێت کە بە هۆی دۆخی وەرچەرخانی هێزەوە هیچ هێزێکی ئیقلیمیش نیە کە توانای سەپاندنی هەژمونیەتی هەبێت بە سەر ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

دەکرێت بە کورت بڵێین لە ناوچەکەدا چەند جۆرێک لە ململانێ بوونی هەیە:

**یەکەم**، ململانێی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات و حکومەتەکانیان، کە بوەتە هۆکاری ئەوەی لە ناوەوە وڵاتانی ناوچەکە لاوازبن و پشت بە هێزی ڕەق و ئاسایش و پشتیوانی دەرەکی ببەستن. بنەمای ئەمە ئاڵۆزە و پەیوەستە بە پرۆسەی مۆدێرنە لە ململانێی لەگەڵ هێزەکانی تری ناوچەکەو لە ئەنجامدا هاتنە ئارای دۆخێکی ئاڵۆزی پەیوەندی نێوان مۆدێرنە و کەلەپور.

**دووەم**، ململانێی نێوان سوننە و شیعە، کە خۆی لە چەند شێوازدا بەرجەستە دەکات، لە ناوخۆی عێراق و سوریا، لە هەناو دەوڵەتی لوبنانیدا، بە جۆرێکی جیاواز لە یەمەن. بە شێوازی جەمسەرگیری ئیقلیمی لە نێوان سعودیە و ئیمارات لە لایەک و ئێران و دۆستەکانی لە لایەکی تر. ئەم جەنگە ناوخۆییە، تائیفییە، ئیقلیمییە هەتا بێت فراوان و ئاڵۆز دەبێت.

**<u>سێیەم</u>**، هەوڵی هێزە جیهانیەکان بۆ ئەندازەسازی وڵاتانی ناوچەکە بە ئامانجی ئیحتواکردنی یەکتر.

**<u>چوارەم</u>**، کێشەی کورد و پێکهاتە گەورەکانی ناو وڵاتانی ناوچەکە، کاتێک دەوڵەتانی ناوچەکە ناتوانن دان بە مافەکانیاندا بنێت، وەک شیعەی بەحریەن و سعودیە، لەگەڵ سوننەی عێراق.

## وڵاتانی ناوچەکە لە ناوەوە

بە پێکەوە گرێدانی دیمەنی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئیقلیمیدا، دەتوانین دیمەنی ناوەوەی وڵاتانی ناوچەکەش ببینین .

هەتا بێت وڵاتانی ناوچەکە زیاتر شکستخواردوو دەبن. ئەم شکستە نەک تەنها لە ئاستی خزمەتگوزاری بەڵکو لە دابینکردنی ئەرکی یەکەم و هەرەسەرەکی دەوڵەتدا شکست دەهێنن کە ئاسایشە. بە جۆرێک وڵاتانی ناوچەکە بە زۆری وەک دەوڵەت هەڵناسوڕێن بەڵکو وەک لایەنێک لە ناو دەوڵەتدا هەڵدەسوڕێن، ئەمە لە عێراق و ئێران و سوریاو تورکیا بە ڕاشکاوانە دەبینرێت. هەروەها لە وڵاتانی تری ناوچەکەدا بە شێوازی جیاواز دەردەکەوێت. بەم پێیە دەوڵەت لایەنگرە بەرامبەر پێکهاتەیەک لە بەرامبەر ئەوانیتردا. دەوڵەت کۆ دەزگای هەموان نیە.

لە هەناو ئەم دەوڵەتانەدا بە گشتی سیاسەت و توندوتیژی نەک جودانین، بەڵکو پێکەوەنوساون. بە گشتی سوپای نیشتمانی بوونی نیە، سیاسەتی نیشتمانی بوونی نیە، بەرژەوەندی و هاوبەشی گشتی بوونی نیە. سیاسیەکانی ناوچەکە بە گشتی لە ژێر فشاری میدیاو هاتنی زیاتری خەڵک بۆ ناو سیاسەت، وەک نمایشکارێک دەردەکەون لەوەی کەسی سیاسی و پیاوی دەوڵەت بن.

## دەرئەنجام

بە پێکەوەگرێدانی هەر سێ ئاستەکە: ئاستی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی، چەند دەرئەنجامێکمان بۆ دەردەکەوێت:

<u>یەکەم</u>، وڵاتانی ناوچەکە هەتابێت زیاتر لاواز دەبن.

دووەم، مەترسی زیاتر چاوەڕوان دەکرێت لە داهاتودا چونکە خواست و دابینکردنی خواست لە یەکترەوە دوورن.

سێیەم، هێزە نادەوڵەتیەکان هەتابێت زیاتر کاریگەر دەبن، چونکە لە ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیدا سودیان لێدەبینرێت و هاریکاری دەکرێن.

چوارەم، لە کاتێکدا ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاڵۆز دەبێت و ئەگەری هەیە لە داهاتودا زیاتر ناسەقامگیربێت، ئەمریکا و وڵاتانی تری ڕۆژئاوا ناتوانن ڕاستەوخۆ دەستوەردەنە ناوچەکە و کێشەکانی چارەسەر بکەن.

پێنجەم، کێشەکانی ناوچەکە پێویستی بە کاتی زۆر، سامانی زۆر، خوێنی زۆرە، هیچ وڵاتێک ئامادەنیە دابینی بکات.

شەشەم، ڕۆژهەڵاتی ناوەراست گەرچی پێگەی دەگۆڕیت، بەڵام ناتوانرێت پشتگوێ بخرێت.

لێرەوە دەتوانین بە پشت بەستن بە ئەو بنەمایانەی سەرەوە بڵێین کە ئەمریکاو هاوپەیمانان، نە دەتوانن بە شێوەیەکی چڕ و پڕ خۆیان بۆ ناوچەکە تەرخان بکەن، نە دەتوانن پشتگوێی بخەن. ئەم دۆخە یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی ئەوەی کە وڵاتانی هاوپەیمان دەیانەوێت پشت بە هێزە لۆکاڵەکان ببەستن بۆ هاوکارییان لە رووبەروبونەوەی کێشەکان لە داهاتودا. پێشمەرگە یەکێکە لەم هێزانە کە دەخوازێت بکرێتە شەریک و هاوبەش (پارتنەر) بۆ مامەڵە لەگەڵ قەیرانەکانی ناوچەکەدا.

دەرئەنجامێکی تر کە لە ڕانانی دۆخی جیهانی و ئیقلیمی و ناوخۆییەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەوەیە کە چاوەڕوان ناکرێت ناوچەکە بەرەو سەقامگیری بڕوات، بەڵکو زیاتر چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت ناسەقامگیری خەسڵەتی سەرەکی ناوچەکە بێت، چونکە دۆخی جیهانی بەرەو سەقامگیری ناڕوات، بەڵکو بەرەو قۆناغێک لە کێبڕکێ دەڕوات کە تیایدا هێزە نوێکان دیار نیە هەتا چ ئاستێک دەتوانن بەردەوام بن و قۆناغی هاوسەنگی، یان باڵادەستی یان هەژمونیەت کەی دێتە ئاراوە.

بەڵام لە هەمانکاتدا دەبێت ئاوڕێک لە ڕابوردوویش بدەینەوە. لە ساڵانی ڕابوردوودا چەند جەنگێک لە ناوچەکەدا ڕویدا، جەنگی ئەفغانستان، جەنگی عێراق، لەگەڵیدا جەنگی دژە تیرۆر و پاشان جەنگەکانی سوریا. هەموو ئەمانە کاریگەرییان هەبوە لە سەر

سەرلەنوێ لە قاڵبدانەوەی ڕەفتاری ئەمریکی بە تایبەتی لە ڕوانگەی سەربازییەوە. دەتوانین بە تێڕامان لەم دۆخە ئەم دیدەی خوارەوە هەڵهێنجێنین، ئەمریکاییەکان بە تایبەتی دەیانەوێت خۆیان زیاتر و زیاتر بە شێوازێکی ڕاستەوخۆ لە وشکانی یان خاک دوور بخەنەوە، لە بەرامبەر ئەمەدا فۆکەس بخەنە سەر ئاو و هەوا یان دەریاو ئاسمان. ئەم خۆ دوور گرتنە لە وشکانی بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ خۆی لە (دۆکتێرن) ڕێبازی پێ نەخستنە سەر خاکدا دەبینێتەوە.١٠

ئەم دۆکتێرنە مانای ئەوە نیە کە سەرباز بە هیچ شێوەیەک لە سەر وشکانی نەبێت، بەڵکو زیاتر بەمانای ئەوە دێت کە ئامادەبونی سەربازی لە سەر وشکانی بە مەبەستی شەڕ نیە، بەڵکو بە مەبەستی ئامادەکاری و هاوکاری هێزەکانی ترە بۆ شەڕکردن، هەروەها بۆ دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ هێزی دووری دەریایی و ئاسمانی. بەم پێیە تەکنەلۆجیا، لە ڕێگای چەک و تەقەمەنیەوە، زانست و زانیاری لە ڕێگای ڕاوێژکارو ڕاهێنەرەوە دەبێتە ئامرازی سەرەکی شەڕ بۆ ئەمریکا. ئەوەی دەمێنێتەوە بە هێزی لۆکاڵ پڕ دەکرێتەوە. کەواتە هێزی لۆکاڵ دەبێتە بەشێکی سەرەکی لە پرۆسەی شەڕی ئەمریکی، بەڵام بۆ ئەوەی بتوانێت ئەم ڕۆڵە ببینێت دەبێت خۆی بگۆڕێت.

## پرسی پارتنەر لەگەڵ هێزە لۆکاڵیەکاندا

سود بینین لە هێزی تر بۆ جەنگ، دیاردەیەکی نوێ نیە، مێژوی دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانەکان، کاتێک کە بەربەریەکانیان بەکار دەهێنا. بەڵام ئێمە لێرەدا فۆکەسمان لە سەر دیاردەیەکی نوێیە، ئەویش بەم شێوەیە: ئایا ئێستا ساتەوەختی ئەوەیە کە ئەمریکاو هاوپەیمانان هەوڵی بونیادنانی هێزێک بدەن؟، لێرەدا مەبەست لە هێزی پێشمەرگەیە، بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی بەردەوام هەماهەنگ و هاوکاربن، تا ئامادەباش بن هەتا لە ئەگەری ڕودانی هەر قەیرانێکدا پێکەوە ڕووبەڕوی ببنەوە؟ ئایا ئەگەر ئەمە لە ئارادایە ئەوا چ گۆڕانکارییەک لە ڕەفتار و ستراتیژی ڕۆژئاواییەکاندا ڕویداوە؟.

---

10. Krieg, Andreas (2016) Externalizing the burden of war: the Obama Doctrine and US foreign policy in the Middle East, *International Affairs* 92: 1

بەڕای ئێمە، هاوپەیمانان دەیانەوێت ئەو قۆناغە تێپەڕێنن کە تەنها لە ساتەوەختی قەیراندا، دەهاتن بە هانای کوردەوە یان سودیان لە هێزی کوردی دەبینی، بۆ قۆناغی بونیادنانی پەیوەندییەکی بەردەوامی تۆکمە، لە بەر ئەم هۆکارانەی خوارەوە:

**<u>یەکەم</u>،** ناوچەکە بەرەو سەردەمی پاش-نیزامی-ئەمریکی هەنگاو دەنێت، کە زۆرێک بە سەردەمی پشێوی و فرە هێزی و فرە ململانێی دەبینن.

**<u>دووەم</u>،** هاوپەیمانان، دەخوازن کە هێزی پێشمەرگە ڕۆڵی زیاتر ببینێت و کاریگەرتربێت. بۆ ئەوەی ئەم خەسڵەتانە فەراهەم بکات ئەوا دەبێت، لە پەیوەندییەکی بەردەوامدا بن لە گەڵیدا.

**<u>سێیەم</u>،** هێزی پێشمەرگە لە کاتی سەرهەڵدانی هەر قەیرانێکدا، دەمودەست ئامادەباش بێت، پێویست نەکات بە پەلەپروزە رابهێنرێت و پڕ چەک بکرێت و پەیوەندی لە گەڵدا دروست بکرێت.

**لە بەر ئەم هۆکارانەی سەرەوە دەتوانین پرۆسەکە ناو بنێین پرۆسەی بونیادنانی سوپا**

مارا کارلین کە خۆی لە پەنتاگۆنە، کتێبێکی نایابی لەمبارەوە نوسیوە[١١].

مارا بڕوای وەهایە هەوڵی بونیادنانی سوپا لە وڵاتە لاوازەکاندا تەنها کاتێک سەرکەوتو دەبێت کە دوو هۆکار لە ئارادبن.

یەکەم، چەندێک ئەمریکا تیکەڵە لەگەڵ پرۆسەکەدا هەروەها هێزی نەیار چ ڕۆڵێک دەبینێت. بەو فەرەزیەی ئەو هەتا ئەمریکا زیاتر و قوڵتر تێکەڵ بێت، دەست ببات بۆ بوارە هەستیارە سەربازییەکان، لە هەمانکاتدا ریگری نەیاری دەرەکی ڕۆڵێکی لاواز ببینێت، ئەوا ئەمریکا سەرکەوتو دەبێت لە بونیادنانی سوپایەک. لای مارا ئامانجی ئەمە هاتنە ئارای هێزێکە کە لە ئەنجامدا بتوانێت ئاسایشی ناوخۆیی دابین بکات. بەڵام لە کەیسی پێشمەرگەدا ڕۆڵەکە جیاوازە، سەرباری ئاسایشی ناوخۆیی، پێشمەرگە ڕۆڵی دەگۆڕێت لە میانەی پرۆسەی هاوکاری هاوپەیماناندا.

پێشمەرگە لە ئەنجامدا کۆمەڵێک ڕۆڵی نوێ بەدەست دەهێنێت:

یەکەم، پارتنتەرێکی بەردەوام.

[11] . Karlin, Mara E. (2017) Building Militaries in Fragile States, Challenges for the United States, Pennsylvania University

دووەم، هێزێک بۆ شەڕ لە گەڵ هێزەکانی تردا.

ئەم ڕۆڵە جیاوازە لە ئەو ڕۆڵەی کە کورد لە ڕابوردودا بینیویەتی. کورد لە ڕابوردودا کۆمەڵێک ڕۆڵی بینی وەک، لاوازکەری نەیارانی ڕۆژئاوا، دروستکردنی فشار، هەروەها بوون بە کارتێکی سەر مێزی دانوستان. بۆیە لە ڕابوردودا پەیوەندییەکان نهێنی و سنوردار و کاتی بوو. ئێستا دۆخی جیهانی و ئیقلیمی و گۆڕینی سروشت و ئەولەویەتی هێزە جیهانیەکان وەها دەکات کە ئەم ڕۆڵە گۆرانی بە سەردابێت .

ئەم ڕۆڵە نوێیەی ئەمریکا لە چەند ئاستێکدا گۆڕانی بە سەر مامەڵەی ئەمریکادا هێناوە، کە لای هەندێک وەک ئاڵنگارییەکی ئایدۆلۆژی و ئاسایشی دەبینرێت، وەک وەزیری بەرگری پێشووی ئەمریکا، ڕۆبەرت گەیت ئامازەی پێئەدا. (ئەم وتەیەی گەیت لە هەمان کتێبەکەی مارا-وە وەرگیراوە).

ناکرێت کە باس لە پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکەین، باس لە ڕەهەندی ئابوری نەکەین. دۆخی سەربازی لە جیهاندا بە ساتەوەختێکی سەیردا تێدەپەڕێت. لە کاتێکدا پرسی شەڕ هەتابێت گەرم دەبێت، لە هەمانکاتدا هەوڵی بەردەوام هەیە بۆ کەمکردنەوەی خەرجی بەرگری لە وڵاتانی ڕۆژئاوا. زۆربەی وڵاتان بڕی کەمتر لە ٢٪ بودجەیان بۆ کەرتی بەرگری دابین دەکەن. شەڕ بە پێشمەرگە هەرزانترە، بۆیە لە سەردەمی قەیرانی ئابوری و خواستی زۆری خەڵك بۆ ئابوریەکی باشتر، سپاردنی شەڕ بە لایەکی تر و ئەنجامدانی بە باشتر و هەرزانتر وەها دەبینرێت کە وەڵامێکی گونجاوبێت بۆ دۆخی ئەمڕۆی ئابوری و کۆمەڵایەتی.

دەتوانین بڵێین کە دیدی مامەڵەکردن لەگەڵ هێزی نادەوڵەتی بە شێوەیکی ڕوون لە دۆکیومێنتی ڕێنمایی ستراتیژی وەزارەتی بەرگری ئەمریکیدا ڕەنگدەداتەوە.

ئەم شێوازە لە مامەڵە گەرچی نوێیە وەک پراکتیز بەڵام ڕەگی قوڵی هەیە کە دەگەڕێتەوە بۆ پاش جەنگی جیهانی دووەم، کاتێک ئەمریکا سوپای یۆنانی ڕاهێنا. لە ڕووی تیۆریەوە یەکەمجار لە ساڵی ١٩٥٥ لە لایەن کۆڵۆنێڵ (مارک بۆیات)ەوە١٢ وەک چەمکێکی سەربازی مامەڵەی لە گەڵدا کرا.

[12] . Boyatt, Mark (2016) D. Special Forces: A Unique National Asset. Through, With, and By. Denver, CO: Outskirts Press.

ئەمڕۆ ئەم دۆخە لە مامەڵەیەکی عەمەلیاتیدا فەراهەم دەبێت کە بە (BWT by, with, and through) ناسراوە. ئەم سێ ئامرازە کە (بای- یانی) بە هاوکاری، (وذ- لەگەڵ) هەروەها (ثرو) بە مانای لە ڕێگای دەربڕی شێوازێکی تایبەتە لە مامەڵە.

ئەم پرۆسەیە سێ قۆناغە:

**یەکەم، بایBy**

لەم قۆناغەدا هێزی هاوپەیمان دێت بە هانای هێزێکی لاوازەوە بۆ ئەوەی هاوکاری بکات هەتا بتوانێت بە سەر قەیرانێکدا سەربکەوێت.

**دووەم with**

ئەم قۆناغە قۆناغی پێکەوەبونە. کە هێزی هاوکاریکراو، هێزی لۆکاڵ، بۆ نمونە پێشمەرگە، دەتوانێت لەوە دەرچێت کە پێویستی بەرگریکردن و پاراستن هەبێت، بەڵکو دەبێتە هێزێک کە دەتوانێت تەواوکەری هێزی هاوپەیمان بێت.

**دوا قۆناغ through**

ئەم قۆناغە بریتیە لە ئەنجامدانی ئەرکی سەربازی لە ڕێگای هێزی هاتوە ئاراوە، لە ئەنجامی هاوکاری و ڕاهێنانەوە. ئەم قۆناغە ئەو قۆناغەیە کە زیاتر هاوپەیمانان هاوکاری ماددی و تەکنەلۆجی دەکەن. لای هاوپەیمانان ئەم قۆناغە گرنگە، (رۆبەرت گەیتس)١٣ لە وتارێکیدا لە زانکۆی کەنساس لە ساڵی ٢٠٠٧ دا دەڵێت"گرنگترین پێکهاتەی سەربازی جەنگی دژە تیرۆر ئەو شەڕە نیە کە خۆمان دەیکەین، بەڵکو بریتیە لە ئەو دەسەڵات و توانایەی کە بە هاوکارانمان بەخشیوە، هەتا بتوانن بەرگری لە خۆیان بکەن و حوکمی خۆیان بکەن".

بەم پێیە هەر سێ قۆناغەکە بە سەریەکەوە بریتیە لە هاوکاری ئەوانیتر بۆ ئەوەی هاوکاری خۆیان بکەن، لە هەناو چوارچێوەی ئەندازیاری ئاسایشی هاوپەیمانان‌دا.

---

[13] . Spencer, Emily (2014) by, with, through": a SOF global engagement strategy, Canadian defence Academy Press.

## ٣٥ خاڵەکە

هاوپەیمانان بۆ فەراهەمکردنی ئەم پرۆسەیە پرۆژەیەکی ٣٥ خاڵیان نوسیوە کە دابەشکراوە بە سەر کات و ستراتیژیدا. سەرباری زۆری خاڵەکان پرۆسەکە بەشی زۆری ئەم خاڵانە پەیوەستن بە لایەنی دەزگایی و تەکنیکی و عەمەلیاتیەوە. بۆیە هەر لە سەرەتادا خاڵی هەرە زەق ئەوەبوو کە ئایا لایەنی سیاسی بۆ باس نەکراوە. ڕەنگە هاوپەیمانان بۆ چەند مەبەستێک لایەنی سیاسییان پشتگوێ خستبێت.

**یەکەم،** لایەنی سیاسی هەستیارە، بۆیە وەها باشە پاش بونیادنانی لایەنی تەکنیکی و بیرۆکراتی پاشان بۆی بگەڕێیتەوە.

**دووەم،** ئامانجی سەرەکی پرۆسەکە ئەوەیە کە هێزێکی ناسیاسی بەرهەم بهێنێت. **سێیەم،** کاری لایەنی سەربازی هاوپەیمانان نیە کە لەگەڵ لایەنی سیاسیدا مامەڵە بکەن، بەڵکو ئەوا زیاتر کاری دیپلۆماتکەرانە. سەرباری ئەمانە ڕەنگە هاوپەیمانان ئامانجی سەرەکییان هاتنە ئارای هێزێکی کارابێت لە ئێستادا، زیاتر لەوەی کە پرۆسەیەکی مەدەنی سەربازی بهێننە ئاراوە.

لە بەر هۆکاری نهێنی بوونی پرۆسەکە ناتوانین ناوەڕۆکی خاڵەکان ئاماژە پێبدەین.

## ئالنگارییەکانی کورد

گۆڕینی هێزی پێشمەرگە بۆ ئەوەی ببێتە هێزێکی هاوپەیمانی بەردەوام، کە ئامادەباش بێت لە هەر ساتەوختێکدا لەگەڵ هاوپەیمان یان لە بری هاوپەیمانان ڕووبەڕوی قەیرانەکان ببێتەوە، پرۆسەیەکی سەختە. یەکەم ئالنگاری بریتیە لە گۆڕینی پێشمەرگە لە هێزێکی نافەرمی، بە مانای ڕێکخراو بە شێوازێکی نافەرمی، بۆ سوپا، کە بە فەرمی ڕێکخراوە. مەبەستمان لە نافەرمێتی نا مۆدرێنە. ئەم تێزە زیاتر لە ئابوریدا و بواری گەشەدا کاری لە سەرد کراوە، بەڵام بە هەمان شێوە بۆ بواری دەزگایی و سەربازیش دەشێت. کە دەڵێین نافەرمی مەبەستمان ئەوەیە کە خاوەن یەک پلەبەندی و ناوەندی بڕیارو ئینتیماو باوەڕ نیە. تەنانەت هێزەکانی پێشمەرگە خاوەن هەمان دیدنین بۆ کێیەتی دوژمن. ئەمەش بۆخۆی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر ئەوەی کە مەترسیەکان چین؟، بۆ کێ مەترسین؟، چۆن مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت و ڕوبەڕویان

ببینەوە؟. وەک لە شەڕی داعشدا بینیمان کە چۆن لە ڕێگای میدیاوە، برەو بە کینەی شەڕی ناوخۆ دەدرا، بۆ لەکەدارکردنی هێزێک و باڵادەستیکردنی هێزێکی تر.

لە هەمانکاتدا ئەو کەلتورەی کە پێشمەرگەی بەرهەمهێناوە بۆخۆی کەلتورێکی نافەرمیە، کەلتوری خەبات و قوربانی و وەفا و پارتیزانیە. ئەمانە هەموو جودان لە کەلتوری سەربازی کە لە سەر بنەماکانی دیسیپلین و زانست و پلەبەندی و دۆکتێرنی ڕوون و تاک ناوەندی و جیاوازی نێوان مەدەنی و سەربازی و باڵایی مەدەنی و زۆری تر بونیادنراوە.

بۆ زانینی وردەکاری زیاتر لەمبارەوە، دەتوانن پۆلەسی پەیپەرێکم[١٤] بخوێننەوە، کە لە لایەن (فردیدرێک ئیبیرت شتیفتیونگ)ەوە بڵاوکراوەتەوە لە ساڵی ٢٠١٧ بە هەردوو زمانی کوردی و ئینگلیزی.

## بۆچی ئەم کارەی هاوپەیمانان گرنگە؟

ڕەنگە لە مێژووی کورددا هیچ دەرفەتێکی وەها نەرەخسابێت کە وڵاتانی گەورەی دونیا بێن بە پلانێکی وورد و تۆکمەوە هەوڵ بدەن کە سوپایەکی بۆ دروست بکەن. لە نێو کورددا کۆمەڵێک خەیاڵ هەیە، کە هەمویان پێویستیان بە پیاداچونەوەیە: خەیاڵی هەبونی نەوت و گاز، خەیاڵی ڕاکێشانی سۆز و هەستی ئەوانی تر، خەیاڵی هەبونی ئایدۆلۆژیایەک یان باوەڕێک لە کۆمیونیزمەوە هەتا مافی مرۆڤ. هەموو ئەمانە هیچ بۆ کورد ناکەن بە بەراورد بە ئەم پرۆسەیە.

ئەم پرۆسەیە بنەمایەکی هەرە سەرەکی دەوڵەت دروست دەکات، کە سوپایە. سوپا بونێکی نامۆ و بیرلێنەکراوەیە لە دونیای کوردیدا. کورد کە بە زۆری شیعری و ئەدەبیاتی هەیە، پێشمەرگە بونەوەرێکی قارەمانی ناو ئەم ئەدەبیاتەیە. بەڵام ئەم ئەدەبیاتە نابێتە هۆکاری دروستبونی سوپا و ستراتیژ و دەزگا و ئاسایش.

دەبێت بیرکردنەوەمان دەربارەی سوپا و هێز و چۆنێتی ڕێکخستنی بگۆڕین. سوپا تەنها بریتی نیە لە هێزێکی چەکدار کە لە کاتی شەڕ و تەنگانەدا پیویستت پێی دەبێت. سوپای وڵاتێک ئەو هێزەیە کە هیچ هێزێکی تر لە هەناوی وڵاتدا لە ئەو بەهێزتر نیە. هەبونی ئەم هێزە لە پشت دەسەڵاتی دەوڵەتەوە، دەبێتە هۆکاری هاتنە ئارای سەروەری. ئەمە

[١٤] . سەردار عەزیز (٢٠١٧) ریفرۆرمی پەیوەندی مەدەنی و سەربازی (پێشمەرگە) لە کوردستان،
http://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/13771.pdf

کرۆکی فەلسەفەی دەوڵەتی مۆدرێنە لە هۆبزەوە، پاشان لە ڕێگای بیرمەندی ترەوە زیاتر ڕاڤە دەکرێت بە تایبەتی ماکس ڤەیبەر. لای ماکس ڤەیبەر دەبێت هێزێک هەبێت سەر بە دەوڵەت کە توانای ئەوە بە دەوڵەت ببەخشێت کە قۆرغی توانای بەکارهێنانی توندوتیژی بکات. لە ئەنجامی ئەمەدا کەس توانای ئەوەی نەبێت کە بیر لە بەکارهێنانی توندوتیژی بکاتەوە. کاتێک ئەم دۆخە دێتە ئاراوە، ئەوا ئاشتی ناوخۆیی بەرقەرار دەبێت. بۆیە یەکێک لە خەسڵەتەکانی هێزی دەوڵەت ئەوەیە کە کاتێک بەکارناهێنرێت زۆرترین سودی دەبێت. یان زۆرترین سودی هێزی دەوڵەت ئەوەیە کە بەکارنەیەت. بۆ ڕونکردنەوەی زیاتر، مەبەستەکە، دەوڵەت لە ڕێگای هەبونی سوپایەکی ناسیاسیەوە هەیبەتێک بۆخۆی دروست دەکات، کە کەسی تر بیرلەوە نەکاتەوە کە هێز بەکار بهێنێت. کە ئەمەش روویدا ئەوا پانتایی ئاشتی بۆ سیاسەتکردن دروست دەبێت. کەواتە سوپای حکومەت یان دەوڵەت ئەو هێزەیە کە لە ئاستی ناوخۆدا هەموان دەپارێزێت، دۆستی کەس نیەو دوژمنی کەس نیە. تەنها لە دۆخێکی وەهادا حوکمی یاسا دێتە ئاراوە.

## چەند خراپ تێگەیشتنێک

**یەکەم،** ئەمریکا بۆ ئەوە هاوکاریمان ناکات، کە ئێمە هاوکاریمان کردوە یاخود ئێمە گەلێکی ئازاین. بەڵکو بە مەبەستی ئەوە هاوکاریمان دەکات کە سود بە یەکتر بگەیەنین. ئەم سودە لە ئاستی ناوچەیی و هەرێمی و جیهانیدایە، وەک لە سەرەوە ڕوونم کردووەوە. دەبێت نوخبەی دەسەڵاتداری کورد لە ئەم سێ ئاستە تێبگات.

**دووەم،** کاتێک ئەوان چەک و تەقەمەنی و تفاق بە ئێمە ئەدەن، وەک دیارییەک یان هاوکارییەک نایدەن، بەڵکو وەک ئامرازێک کە ئێمە بتوانین فێری بین و هەرکاتێک کێشەیەک بوو پێویست نەکات ڕاهێنانمان پێ بکەن، بەڵکو هەردەم ئامادەباش بین. هەست دەکەم کورد لە ئەمە تێناگات. خراپ تێگەیشتن هەیە لە نێوان کورد و هاوپەیمانان لەم بوارەدا.

**سێیەم،** ئەگەر ئێمە نەگۆڕێین، ئەوا ئەوان ئامادەنین کە وەهامان ببینن کە هێزی هاوپەیمانین، بەڵکو بە شێوەی کاتی لە کاتی تەنگەژەدا مامەڵەمان لە گەڵدا دەکەن. بەم پێیە پەیوەندی بەردەوام و درێژخایەن دروست نابێت، بەڵکو کە قەیران هەبوو پەیوەندی دەبێت، کە قەیران تەواوبوو، پەیوەندی کۆتایی دێت.

**چوارهەم**، هێزی پێشمەرگە یان سەربازی تەنها ڕۆڵی ئەوە نیە کە بجەنگێت. هێزی سەربازی هێزی دابینکردنی ئاسایش و خولقاندنی پانتایی سیاسی و لە ئێستادا بنەمای دیپلۆماسییە.

**پێنجەم**، دەبێت ئێمە بە دونیای پێشان بدەین کە ئێمە چیدی شەڕی یەکتر ناکەین و هەوڵدەدەین کۆتایی بە شەڕی ناوخۆ بێنین لە ئاستی دەرونی و بەرژەوەندی و ئابوری و کۆمەلایەتی و میدیاییدا.

## چەند وشەیەک دەربارەی میتۆد

لە ئەدەبیاتی زانستی سیاسی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستدا زیاتر لە سەدەیەکە پرسی ڕۆڵ و کاریگەری هێزی گەورەو هێزی ئیقلیمی و ناوخۆیی بوونی هەیە. گەر لە (ئەلفرید ماهان)ەوە دەست پێبکەین کە لە ساڵی ١٩٠٢دا ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست وەک ناوچەیەکی جێناکۆک دەبینێت لە نێوان هێزە گەورەکانی ئەو ڕۆژگارەدا[15].

هەرچەندە خەڵکانێکی تر هەن کە ئاڵنگاری بۆ ئەم دیدە دروست دەکەن (فرید هالیدای)[16] بۆ نمونە.

میتۆدەکەی ئێمە بەمجۆرەیە ساتەوەختی ئەمرۆ، لە مێژوی کۆمەڵگای نێودەولەتیدا ساتەوختێکی تایبەتە. ئەم ساتەوختە بە کۆتایی هەژمونیەتی لیبرالیزم دەست پێدەکات، کە ئەمریکا وەها دەبینێت چیدی لە بەرژەوەندی نیە. لە هەمانکاتدا لە ئاستی ئابوری و گەشەی هێزی ترەوە لە گەڵ گۆرانکاری لە وزەدا وەهایکردوە کە زەمینەی ئەوە ڕەخساوە قسە لە سەر جۆرێکی تر لە ڕێکخستن یان پشێویی بکەین لە ناوچەکەدا. بەم پێیە من زیاتر لە ماهانەوە نزیکم لەوەی کە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست لە ئەمرۆدا زیاتر لە ناوچە جێناکۆکەکان دەچێت. ئەم چەمکە لە ئەدەبیاتی سیاسی کوریدا ئاشکرایە.

---

[15] . A. T. Mahan, 'Persian Gulf and International Relations,' *The National Review*, (1902), pp. 27-45

[16] . Halliday, (2005) *The Middle East in International Relations - Power, Politics and Ideology*(Cambridge: Cambridge University Press,).

## چی بکەین

کورد دەبێت لە ئاڵۆزی ساتەوەختەکە و ئەرکی تێبگات. بەهیوام ئەم پەیپەرە هاوکاربێت. هەروەها کاتی ئەوە هاتوە کە کورد خۆی مۆدرێن بکات، هەتا بتوانێت هێزی پێویست بە دەست بهێنێت بۆ دیپلۆماسی کردن. چیدی هیچ بەهانەیەک نەماوە بۆ مۆدرێن نەکردنی هێزی پێشمەرگە. ئەم پرۆسەیە دژ بە هیچ لایەنێک و هێزێکی ناو کوردستان نیە، بەڵکو توانا دەبەخشێت بە هەموان. ئەوەی لێی دەترسێت، ترسەکەی ڕاستەقینە نیە. چونکە ئەوەی دێتە ئاراوە نەمانای مەترسیە بە تایبەتی کە هاوپەیمانان ئامادەن بەشێک بن لە پرۆسەی بەڕێوەچونی ئەم هێزە.

**بۆیە دەبێت:**

**یەکەم**، خێرایی بکرێت لە ڕێکخستنەوەی هێزەکانی حەفتا و هەشتای پێشمەرگە.

**دووەم**، هێزی پێشمەرگە وەها ڕێکبخرێتەوە کە هێزێکی تۆکمەی، ئاسان جوڵاوی و خێرای خاوەن شارەزایی بێت لە بواری چەک و تەقەمەنی و هونەری سەربازیدا.

**سێیەم**، دەبێت یاسایەک بۆ پێشمەرگە لە پەرلەمان دەربچێنرێت.

**چوارهەم**، دەبێت بودجەی پێشمەرگە بە شێوەیەکی سەردەمیانە بۆ هەموو بوارەکانی کاری سەربازی تەرخان بکرێت، نەک زۆرینەی بۆ پێدانی موچە بەکار بهێنرێت

**پێنجەم**، دەبێت ناوەندێکی داڕشتنی ستراتیژی سەربازی بوونی هەبێت.

## سەرچاوەکان


١. مارا کارلین، لێدوان بۆ لیژنەی پەیوەندیەکانی دەرەوەی کۆنگریس ئەمریکی، لە بەرواری ٦ی شوبات ٢٠١٩

https://docs.house.gov/meetings/FA/FA00/20190206/108861/HHRG-116-FA00-Wstate-KarlinM-20190206.pdf

٢. سەردار عەزیز (٢٠١٧) ریفرۆرمی پەیوەندی مەدەنی و سەربازی (پێشمەرگە) لە کوردستان،

http://library.fes.de/pdf-files/bueros/amman/13771.pdf

3. **A. T. Mahan, 'Persian Gulf and International Relations,' The National Review, (1902), pp. 27-45**

4. **Allison, Graham (2017) Destined for War : can America and China escape Thucydides's Trap?, Houghton Mifflin Harcourt**

5. **Boyatt, Mark (2016) D. Special Forces: A Unique National Asset. Through, With, and By. Denver, CO: Outskirts Press.**

6. **Fukuyama, Francis (1989) The End of History?, The National Interest, No. 16 (Summer 1989).**

7. **Halliday, (2005) The Middle East in International Relations - Power, Politics and Ideology(Cambridge: Cambridge University Press,).**

8. **Hazbun, Waleed (2019) In America's Wake: Turbulence and Insecurity in the Middle East inShifting Global Politics and the Middle East. pomeps 84, https://pomeps.org/wp-content/uploads/2019/03/POMEPS_Studies_34_Web.pdf**

9. **Ikenberry, John (2008) The Rise of China and the Future of the West:Can the Liberal System Survive?, Foreign Affairs, Jan/Feb.**

10. **Karlin, Mara E. (2017) Building Militaries in Fragile States, Challenges for the United States, Pennsylvania University**

11. **Krieg, Andreas (2016) Externalizing the burden of war: the Obama Doctrine and US foreign policy in the Middle East, International Affairs 92: 1**

12. **Lukin, Alexander (2018) China and Russia: The New Rapprochement, Polity: Cambridge.**

13. **Maçães, Bruno (2018)The Dawn of Eurasia: On the Trail of the New World Order, Penguin.**

14. **Mearsheimer, John J (2006) China's Unpeaceful Rise, Current History; April.**

15. **Spencer, Emily (2014) by, with, through": a SOF global engagement strategy, Canadian defence Academy Press.**

16. **White House (2017) National Security Strategy of the United States, Washington, D.C., December.**